

بارین کایۆغلو، بەرەگەز خەڵکی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیایە. بەشێک لەدەورانی منداڵی و گەنجی خۆی لە عێراق و لوبنان بەسەر بردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٨ لەعێراق لەهەردوو شاری بەغدا و موسڵ ژیاوە کە ئەو بە دووشاری جوان و سیحرئامێز وەسفیان دەکات و چەندان یادەوەری خۆشی تیا تۆمارکردووە. ناوبراو دەرچووی زانکۆی Bilkent ە لە ئەنقەرە. ئێستا کایۆغلۆ قوتابی D.Ph یە لە بەشی مێژوو لە زانکۆی ڤێرجینیا لە Charlottesville ی ویلایەتی ڤێرجینیای ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەروەها نووسەرێکی بەردەوامی Turkish Weekly یە کە بەزمانی ئینگلیزی لە ئەنقەرە دەردەچێت.

## بارین کایۆغلو لەزانکۆی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# کورد سەلماندوویەتی کە شایەنی ئەوەیە لەرۆژهەڵاتی ناوینی داهاتوودا دەنگی هەبێت

### پێکهاتەی سیاسی ئەمڕۆی عێراق
### جیاوازە لە سەردەمی ئینتدابی عوسمانی و سەردەمی سەدام حوسێن

**بارودۆخی عێراق چەندین ڕووداو و گۆڕانکاری بەخۆوە بینییوە، بەڵام کاربەدەستانی تورکیا هێشتا بەئەقڵیەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکەن وەک ئەوەی بەشێکی ئەو دەوڵەتە بێت، بەتایبەتیش لێدوانی سەرکردە تورکەکان زۆر توندە لەدژی ستاتۆی کوردستانی عێراق. بۆیە حکوومەتی ئەنقەرە هەمیشە بەئاراستەی پێچەوانە دەڕوات و گۆڕانکارییەکانیش وەک تاکتیک وەردەگرێت نەک وەک ستراتیژیکی سیاسیی کارنامەی نێو حکوومەت. لەبارەی ئەم مژارە گرنگە بەڕێز بارین کایۆغلو بەمشێوەیە دید و تێڕوانینی خۆی دەربڕی:**

بەتێپەڕبوونی کات سیاسەتمەدارانی تورکی درکیان بەو ڕاستیە کرد کە پێکهاتەی سیاسی ئەمڕۆی عێراق جیاوازە لە سەردەمی ئینتدابی عوسمانی یان سەردەمی سەدام حوسێن. لەلایەکی ترەوە، من پێموانیە کاتێک سەرکردە تورکەکان لە عێراق دەڕوانن ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لەخەیاڵدا بێت. ئەوان کاتێک لە عێراق دەڕوانن ئەوە دەبینن کە دووبارە وەکو ساڵی ١٩٩٠ PKK سوود لەبارودۆخی باکووری عێراق وەردەگرێت و هێرش دەکاتە سەر خەڵکی سڤیل و هێزە سەربازیەکانی سوپای تورکیا. بەتێگەیشتنی من تورکیا لەوە دەترسێت کەلەداهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر PKK وەکو ئامرازێک بەکاربێنێت بۆ برەودان بە توندوتیژی لە تورکیا. بەڵام هەواڵی دڵخۆشکەر ئەوەیە کە ئێستا خەریکە ئەو بۆچوونە دەگۆڕێت. بەپێی ڕۆژنامەی حوریەتی ڕۆژی ١٥ی شوبات لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕایگەیاندووە کە "پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرەپێدەدات ئەگەر ببێتە هۆی بەرقەرار کردنی ئاشتی بۆ هەردوولا". بەڵی، لەڕاستیدا ئەردۆگان وشەی (کوردستان)ی بەکارهێنا.

## تەنگژەکانی ئێستای نێوان حکوومەتی ئەردۆگان و سوپای تورکیا

لە پەنا خواستی پرۆفیشنالیزمدا، لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا رۆژنامەکانی تورکیا تەنگژەکانی نێوان حکوومەتی مەدەنی و سوپایان ئاشکرا کرد.. هەموو ئەو راگەیاندنانەی میدیاکانی تورکیا دوابەدوای سەردانە یەک لەدوای یەکەکانی عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەو یەشار بویوکانتی سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا بۆ واشنتۆن دەستیپێکرد. (بەڵام ئەوە نەبووە جێگای بایەخی میدیاکانی ئەمریکا).

هەریەکە لەو سەردانانە بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی مەسەلەکانی ئاسایش لە باکووری عێراق و داواکردن بوو لە ئیدارەی بوش بۆ کۆتاییهێنان بە ناساندنی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان کە لەساڵی ١٩١٥ کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە دژ بە هاووڵاتیانی ئەرمەنی ئەنجامدرا. لەزۆر ڕووەوە هەردوو سەردانەکە ئارامی و کاتێکی زیاتری بە تورکیا بەخشی. لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ هاوتا ئەمریکیەکەی (کۆندالیزا رایس) و بەرپرسانی پنتاگۆن، عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەوەی بە لایەنی ئەمەریکی راگەیاند کە تورکیا هێشتا رێگەچارەی دیپلۆماسی و سیاسی دەگرێتە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی لە هەولێر. لەراستیدا سەرۆکوەزیران، رەجەب تەیب ئەردۆگانیش، بەروونی باسی ئەو خاڵەی کرد کە گووتی (تورکیا پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی کوردی گەشە پێدەدات.... ئەگەر ببێتە هۆی بەرقەرار بوونی ئاشتی بۆ هەردوولا".

لەلایەکی ترەوە ژەنەرال بویوکانت پەنای بۆ لێدوانی سەربازی بردو لە واشنتۆن رای خۆی بەو جۆرە دەربڕی "من وەکو سەربازێک و هەروەها وەکو کەسێک کە لەگەڵ PKK شەڕدەکات، ئەوە لەبەرپرسیارێتی مندا نییە کە گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکانی عێراق بکەم کە بەئاشکرا پشتگیری PKK دەکەن".

لێرەوە رۆژنامەنووسانی تورکی بەتێنوێتییەوە پێشوازیان لەو هەواڵە کرد. بەبینینی ئەو دیمەنە، زۆربەی رۆژنامەنووسان هەستیان بەبوونی "تەنگژەیەک" کرد و هەوڵیاندا جیاوازیەکانی نێوان دەزگا مەدەنی و عەسکەریەکان دیاربخەن. بەڵام لەهەمان راگەیاندنی رۆژنامەوانیدا جەنەرال بویوکانت رایگەیاند کە شەڕکردن بەرامبەر بە تیرۆر لایەنی ئابووری و عەسکەری و کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژیشی هەیە. هەروەها زیاتریش ئەوەی دووپاتکردەوە کاتێک گووتی "پێویستە پشتگیری لە بەکارهێنانی هەموو میکانیزمێک بکرێت ئەگەر یارمەتیدەر بێت بۆ شەڕکردن دژی تیرۆر".

لێرەوە گفتوگۆکردن کردن لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی زۆر گونجاوە. ئەوەی خەڵک پێویستیەتی بریتییە لە دانوستانی هەردوو لایەنی تورکی و کوردی بۆ مەسەلەی "بارودۆخی ناسەقامگیری" هەردوولا. هەر هەنگاوێک بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریەکی زۆرتر، هەمان رەنگدانەوەی بۆ لایەنەکەی تریش دەبێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی راگرتنی باری هاوسەنگی ئاسایش.

بۆ بازدان و دەرباز بوون لەو ئەتمۆسفێرە ناسەقامگیرە، پێویستە هەردوو لایەنی حکومەتی تورکی و کوردەکانی عێراق پێکەوە دانیشتن و گفتوگۆ بکەن. (حکومەتی ناوەندی بەغدا کێشەی زۆرتری هەیەو بەگومانم لەوەی جارێ بتوانی خۆی بۆ پرسێکی لەو جۆرە تەرخان بکات). زۆر گرنگە کە تێبینی ئەوە بکرێت ئەو گفتوگۆیانە لە کەشێکی پڕ متمانەو باوەڕ بەیەکتر بوون ئەنجامبدرێن. بەڵام وەکو ئاسانکاریەک بۆ گفتوگۆیەکی کراوەتر، پێویستە هەردوولایەن ناوەندو ناوبژیوانێکی گونجاو بێننە ناوەوە، وەکو رۆژنامەنووسان و کەسانی ئەکادیمی. تورکیا زیاتر جەخت لەسەر مەسەلەی کەرکووک و چیای قەندیل دەکاتەوە لەکاتێکدا کوردەکانی عێراق PKK وەکو کارتێکی زەخت بەکاردێنن لەحالەتێک ئەگەر تورکیا بڕیار بدات دەست بخاتە ناو کاروباری باکووری عێراقەوە. بەڵام لەبەرژەوەندی هەردوو لایەن، تورکیاو کوردەکانی عێراقدایە، کە بارودۆخی باکووری عێراق سەقامگیر بێت. پێویستە هەریەکە لەو لایەنانە بەووردی لە هەنگاوەکانی خۆی بڕوانێت و بەئاراستەی سەقامگیری دوولایەنە هەنگاو بنێن.

بە هاتنەدی ئەو داواکاریانە، ئەوەی لەسەر رۆژنامەکانی تورکیا پێویست دەبێت ئەوەیە کە لێدوانەکانی بەرپرسە تورکەکان و سەرکردە کوردەکان بە گەورەیی پیشان بدەن. وەکو بیرکەوتنەوەیەکی مێژوویی لە بارەی جەنگی سارد، من ئێستا دەزانم کە زۆربەی لێدوانە "دراماتیکی"یەکان کە لەلایەن سەرکردەکانی ئەمریکاو سۆڤیەتەوە دەدران لەماوەی جەنگی ساردا، لەراستیدا بەو شێوەیە "دراماتیکی" نەبوون کەوا ئەوکات وادیار بوون. بەڵام بەهەڵە لەیەکتر تێگەیشتن و بەهەڵە پێشبینیکردن مرۆڤایەتی لە رووخان زۆر نزیک دەکاتەوە. ئیتر دەمێنێتەوە سەر تورکەکان و کوردەکان کە بگەنە ئەنجامێک و بڕیار بدەن کە ئایا شەڕێکی گەرموگوڕ هەڵبژێرن یاخود ئاشتیەکی دۆستانە.

## ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردستان

**سەرەتا پێویستە ئەوە بگوترێت کە بۆشایی و کەلێنێکی گەورە لەپەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی تورکیاو هەرێمی کوردستان هەیە. بۆیە زۆرجار بەهەڵە تێگەیشتنی زۆر لەو نێوانەدا روودەدات. تەنانەت ئەم مژارە وایکردووە زۆرجار ئەنقەرە دووچاری نیگەرانی و دوودڵیی ئەنقەرە ببێت لەبەرامبەر ئەزموونی کوردستانی عێراق.. سەبارەت بە داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو تورک ناوبراو بەمشێوەیە سەرنجەکانی خۆی خستەڕوو:**

ئەوە شتێکی باوە لە خەیاڵی تورکەکان کە بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمی لەنزیک سنووری باشووری رۆژهەڵات بەشێوەیەکی کاریگەرانە دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی تورکیاش هەوڵی یەکگرتن لەگەڵ ئەو قەوارەیە بدەن. دووبارە دڵەراوکێیەکە بەو خاڵە بەستراوەتەوە کە لەسەرەوە باسمکرد. PKK باکووری عێراق وەکو خاڵی هێرشکردن بەکاردێنێت لەدژی تورکیا. وەکو من هەموو کاتێک مشتومڕی لەسەردەکەم، پێموایە کوردەکانی عێراق هەموو هەولێکدەدەن باشترین ئۆتۆنۆمی هەرێمەکەیان لە سیستەمی سیاسی عێراق بەدەست بێنن، بەڵام بەبڕوای من پێویستە کوردەکان لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی باکگراوندێکی سیاسیان هەیە و شارەزای مێژووی هەرەسەکانی کوردن، پێیانوایە کە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی هەموو ئاماژەکانیان لە واشنتۆنەوە وەردەگرن، هەروەها لە راستیدا ئەوان بۆ وەرگرتنی هەرێمەکانی سنووری تورکیا کاردەکەن. ئەو شیکەرەوانە هیچ شتێک نازانن لەبارەی ئەوەی کە چۆن کوردەکان لەساڵی ١٩٧٥ لەلایەن واشنتۆن و تارانەوە پشتیان تێکرا لەپێناو مەبەستە تایبەتەکانی خۆیان. هەروەها ئەوان لەوە تێناگەن کە چۆن تراژیدیای هەڵەبجە بووە سیمبۆلی تراژیدیای لەناوبردنی سەدان هەزار کورد لەسەردەستی رژێمی قەسابخانەی سەدام. من گەشبینم بە داهاتووی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو کوردستان. وەکو سەرەتایەک بۆئەوەش ئێمە بەملیۆنان هاووڵاتی کوردمان هەیە لە تورکیا. بازرگانە

**ئەردۆگان دەتوانێ لەهەڵبژاردنەکانی تورکیا سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە بەدەستبهێنێت**

✿ ✿ ✿

**من گەشبینم بە داهاتووی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو کوردستان**

✿ ✿ ✿

**لەکاتی ئێستادا تورکیا بەلایەنی کەمەوە ١٥ ساڵی تری دەوێت بۆ بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپا**

✿ ✿ ✿

**گروپەکانی عێراق تائێستا زیاتر بڕوایان بە توندوتیژی هەیە نەک سیاسەت و بیرکردنەوە لە کۆتاییهێنان بەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە**



تورکــەکــان لە ناوچەیەک کــاری وەبەرهێنان ئەنجامدەدن کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کــوردســتــانــدایەو بەرەو عــەلــمــانــیــچــوونــی هەردوو بەرێزان بارزانی و تاڵەبانیش وا لەتورکیا دەکات زیاتر هاوکــاریان بکات بۆئەوەی لە پرۆســەی پێکەوە گونجاندنی ئیــسلام و عــیلمانــیەت لە رۆژهەڵاتی ناویندا ئەوانیش یارمــەتــیدەری بن. بێگومان هەموو ئەوانە دەتوانن ببنە راستی ئەگەر تورکــیــاو کوردەکــانی عــێراق بتــوانن پێکەوە دابنیــشــن و نــاڕارامــیــیــە دوولایەنەکـــان چارەســەربکەن. بەڵام بەلایەنی کــەمــەوە من گەشبینم لەوە.

## کردنەوەی کەناڵەکانی دیالۆگ لەنێوان ئەنقەرە و هەولێر

**دەستپێکردنی وتوێژ و دیالۆگ لەنێوان ئەنقەرە و هەولێــر یەکــێکە لەو بۆچوون و هەولانەی کە ســەرکــردایەتی کــورد و لایەنە دیموکراتخــواز و هیومانیتــەرەکانی تورکیا هیــوای بۆ دەخوازن، چونکــو یەکێک لەخاڵە لاواز و نیگەتیــڤەکانی پەیوەندی نێوان کورد تورک نەبوونی دانوستان و دیالۆگە، لەبارەی ئەو پرسیــارەی داخۆ ئێستــا تاچەند کاتی ئەوە هاتووە کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی تورکیــا ســەردانی کــوردســتــانی عــێراق بکەن بۆ گفتوگۆکردنی مەسەلە هەڵواسراوەکانی نێــوانیــان لەگــەڵ ســەرکــردایەتی کــورد. بارین کایۆغلو گوتی:**

بەبۆچوونی من ســەردانیکردنی هەر یەکە لە بەڕێزان ئــەردۆگـــــان و بــارزانی و تــاڵــەبــانی بیــرۆکــەیەکی زۆر گــەورەیە. بەڵام وەکــو ئێــوەش دەزانن **ئەمساڵ ساڵی هەڵبژاردنە لە تورکیا، بۆیە پێگەی ئەردۆگان زۆر سەلامەت و پارێزراو نییە.** ئەگەر ئەو سەردانی هەریەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستانی بکردایە، ئەو پێنگاڤە ئەوی دەخستە نێــو ریسک و بارودۆخێکی سیاسی سەختەوە.

لەکاتی ئێستادا **ئەنقەرەو هەولێر (بەبەغداشەوە) دەتوانن ناوبژیوانیکی باوەرپێکراو بەکــاربێنن بۆ چارەسەرکردنی جیاوازیەکانی ئێستای نێوانیان بۆ رێگەخۆشکردن لەبەردەم سەردانی ئاستە باڵاکان لە داهاتوودا.**

## پلانی نوێی ئەمریکا بۆ دەربازبوونی هێزەکانییەتی لەعێراق

**ستراتیژی نوێی ئەمەریکا لە عێراق لەلایەن میدیا و چاودێرانی سیاسیی بەشێوەگەلی جودا ئەنالیزە دەکرێ، داخۆ ئەو ستراتیژە هەڵگری چ پەیامێکە بۆ تورکیا؟ ئایا رێگەچارەی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشــەکــان تاچەند دەتوانێ خزمەتی ئەو پێڤاژۆیە سیاسییەی عێراق بکات؟ لەمبارەیەوە بەرێز کایۆغلو گوتی:**

بەراستــگۆییەوە، من لەوە دڵنیــانیــم کــە ئایا واشنتــۆن لەمــەودوا بەردەوام ســتــراتــیــژی نوێی لەبارەی عــــێــــراق هەبێت. لەپێناو بوونی ستراتیــژییەک، پێویستــە ئەمریکا لە عێراق ئامانجێکی روون و تاکتیکی گونجاوی هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجــەکــان. لە ئاداری ٢٠٠٣ ئەو ئامانجــە بریتی بوو لە بێ چەککردنی عــێراق. کـــاتێک لەدوایــیــدا چەکی بەکـــۆمــەڵکوژ نەدۆزرایەوە، ئەو ئەژێندایەی پێـــشـــتـــر راگەیەندرابوو گۆڕا بۆ بەدیموکراتیکردنی عێراق (هەرچەندە لەوانەیە ئیدارەی بەریتــانیــا بەر لە ئاداری ٢٠٠٣ ئەو ئەژێندایەی لەخـــەیاڵدا بووبێت). لەکاتی ئێــستــادا، واپێدەچێت تاکە ستراتیژی هەستــیــار بۆ زۆربەی ئەمریکیــەکان بریتی بێت لە دەرچوون لە عێراق بە سەلامەتی. ئەگەر چاوێکی خێرا بە کێشەو ململانێکانی ناو کــۆنگرێسی ئەمــریکا بخــشــێنینەوە دەبینین یاسادانەرەکان پشتگیری سیاسەتی سەرۆک بوش ناکەن و داوای خشتەیەکی دیارو روون دەکەن بۆ کــێشــانەوەی هێــزە ســەربازیەکــانی ئەمــریکا لە عێراق.

کێشە ئاڵۆزەکان بە چارەسەری سادەو ساکار چارەسەر نابن. بەلایەنی کەمەوە من نازانم چۆن چارەسەر دەبن. من حەزدەکەم هەموو ئامانجەکانی ئەمــەریکا بەدەست بێت لە بلاوکــردنەوەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوین. من لەوە دڵنیا نیم کە ئاخۆ چەک و گوللە رێگایەکی ریالیستی و رێکو پێک بن بۆ چارەسەری ئەوانە.

## گروپەکانی عێراق تائێستا زیاتر بڕوایان بە توندوتیژی هەیە نەک سیاسەت و بیرکردنەوە

**سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە کۆنگرێس وەکو بارێکی ئومێدبەخش دەبینرێت. چەندان مەسەلە هەیە سەبارەت بە کشانەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لەعێراق یان ناردنی سەربازی زیاتر. کاتێک دەڕوانینە هەڵبژاردنەکان دەبینین بۆچوونی ئەنتی بوش زیاتر دەبێت لەولاتدا. ئەوەش راستیەکە تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لێی ئاگــادارە. زۆربەی خــەڵک و باڵی دیموکراتەکان حکومەتی بوش تۆمەتبار دەکەن لە خراپتربوونی رەوشی عــێراق. بەڵام هێشــتــا راستیەک هەیە کە ئەمەریکا نایەوێت لە عێراق پاشەکشێ بکات ئەویش لەبەر نەوت. لەلایەکی ترەوە بەجێهێشتنی عێراق واتە کۆتاییهاتنی هەژموونی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین. لێرەدا پرسیار ئەوەیە داخۆ ئەو بارە دژوارەی ئێستای عــێراق دەبێــتــە هۆیەک بۆ کــشــانەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەتایبەتیش کە ئەو داوایە بۆتە خــواستــێکی رای گــشــتی ئەمــەریکا؟ ناوبراو بەمــشــێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو:**

پێــمــوایە لێــرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکــان بارودۆخەکە زۆر روونە. بەڵام بۆ شانۆی سیاسی عێراقی زۆر دڵنیا نیم، لەوە دڵنیا نیم کە چۆن بازنەی توندوتیژیە تایفیــەکانی نێوان شیعــەو سونە (هەروەها قاعیدەش) دەتوانرێت چارەسەر بکرێت. بەداخەوە، لەمێژوودا بەدەگمەن نموونەی ئەو کۆمەڵگایانە هەن کە توانیبێتیــان بەر لە دروست بوونی شەڕی ناوخۆو رژانی خوێن رێ لەو شــەرە بگرن. واپێدەچێت گــروپەکــانی عــێراق تائێستــا زیاتر بڕوایان بە توندوتیژی هەیە نەک ســیاســەت و بیــرکــردنەوە لە کــۆتاییــهێــنــان بەو بارودۆخــەی کــە ئێســتــا هەیە، من لەو بڕوایەدام بارودۆخی ئاسایش بەرەو پێشەوە ناچێت.

## پێگە و مەکانەتی کورد لەنێو هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوین

**مەترسی گەورە هەیە لە کێشە ناوخۆییــەکانی رۆژهەڵاتی ناوین. ئەو کێشەو ململانێیانەش پتر لەنێو گروپە ئایینی و مەزهەبیی و ئەتنیکییەکان هەستی پێدەکرێت. لەکاتی ئێستادا ئیسرائیل و وڵاتانی رۆژئاوا لەوانەیە پشتگیری ئەو کێشانە بکەن جــا بەمــەبەســت بێت یان نا. لەلایەکی دیکەوە جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە ئێران مژاری**

**دەستێوەردان و گۆڕانکاریەکی زۆر دەبێت و مەترسی گەورە لە کێشەکانی ئەو وڵاتەش چاوەڕوان دەکرێت. بۆیە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوین لەبەردەم ئەگەری گۆڕانکاری گەورەدایە، بارین کایۆغلو بەمشێوەیەی خوارەوە پێگەو سەنگی کورد لەو ئەگەری گۆڕانانە هەڵدەسەنگێنێت:**

بەبڕوای من لەسەروبەندی گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەرفەت و تەحەدیاتی گەورە لەبەردەم کوردەکانی عێراقدایە. لەلایەکەوە بەنیشاندانی ئەوەی کە ئەوان توانایەکی تەواویان هەیە لەڕووی ئیدابییەوە، تائێستا کوردەکان سەلماندوویانە کە شایەنی ئەوەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی داهاتوودا دەنگێکیان هەبێت. تەحەددا گەورەکانیش لە ئەنجامی دەرفەتەکانەوە دروست دەبن. ئەگەر شتەکان بەپێچەوانەی ویستی کوردەکانی عێراق بگۆڕێن، ئەوکات ئەوان چی دەکەن؟ ئایا ئەوکات ئەوە هەڵدەبژێرن کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی عێراق بمێننەوە یان ئەوەیە کە سەربەخۆیی تەواو رادەگەیەنن؟

هەموو کەسێک (بارزانی و تاڵەبانی و زۆربەی ئەوانە) گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە بەردەوامبوونی کوردستانی سەربەخۆ لە ئێستادا شتێکی نەگونجاوە، چونکوو دەبێتە تاکە دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لەهەموو لایەکەوە قوفڵدراوە ئەوەش شتێکی گونجاو نییە. ئەگەر توندوتیژی بگاتە باکووری عێراقیش (من هیوادارم هەرگیز ئەوە ڕوونەدات)، ئایا دەکرێت ئەو کات کوردەکانی عێراق قەدەخە بکرێن لە داواکردنی سەربەخۆیی؟ ئەگەر زۆر ڕاستگۆ بم لەگەڵتان، من وەڵامی ئەو پرسیارانە نازانم. تەنها ئەوە نەبێت کە هیوای ئەوە بخوازم ڕووداوەکانی داهاتوو ببێتە هۆی هێنانەکایەی ئاشتی و سەروەری بۆ هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە کوردو عەرەب و تورک و ئیسرائیلی و ئێرانی و هەوو ئەوانی ترەوە.

## ئێستا عێراق خۆی بەسەر سێ قەوارەی دیفاکتۆی دابەشبووە

**وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەئاسانی لەیەکتر جیانابنەوە. ئەو جیابوونەوەیە تەنها بەهۆی کێشە و توندوتیژی خوێناویەوە ڕوودەدات. هەروەک تورکیا و ئێران و عەرەبەکانیش نایانەوێت عێراق پارچە بێت. بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو دژوارە بەردەوامەی عێراق ژمارەیەک چاودێری سیاسیی پێیانوایە بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم بۆتە شتێکی حەتمی. ئەگەر دابەشبوونی عێراق بووە واقیع و هەرێمی کوردستانیش بووە قەوارەیەکی سەربەخۆ، ئایا کاردانەوەو بۆچوونی تورکیا چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو دیاردە نوێیە و پاشان تورکیا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو قەوارە کوردیە دەکات؟ سەبارەت بەو پرسە گرنگە کایۆغلو بەمشێوەیە گوزارەی لەگۆشەنیگای خۆی کرد:**

ئێستا عێراق خۆی بەسەر سێ قەوارەی دیفاکتۆی دابەشبووە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو سی پارچەیە زیاتر لەیەکتر جیادەبنەوەو دەبنە دەوڵەتی سەربەخۆی جیاواز؟ من پێمووایە ئەو شێوازەی کە تورکیا مامەڵە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا دەکات لەسەر ئەوە وەستاوە کە چۆن ئەو سەربەخۆییە دێتە کایەوەو چ هۆکارێکە دروستیدەکات. ئەگەر لە لایەنێکی ترەوە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر کوردەکان بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەبەرچەند هۆکارێکی دیاریکراو، ئەوا من پێمووایە تورکیا خۆی لە ئاڵۆزییەکانی رزگار دەکات و مامەڵە لەگەڵ ئەو راستیە دەکات. هەرچیەک ڕوویدات، من پێمووایە زۆر گرنگە کە سەرکردە کوردەکان بەردەوام بن لە قۆستنەوەی هەلەکان لە سیستمی سیاسیی عێراقدا. بەڵام ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەر لەکاتی پێگەیشتنی تەواوی خۆی دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ هەموو لایەک.

## ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا و ستاتۆی هەرێمی کوردستان

**دیارە گرنگترین مژاری سیاسیی لەهەڵبژاردنەکانی تورکیادا مەسەلەی کەرکووک و بوونی بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیە لەهەرێمی کوردستان. بۆیە بەگوتەی رایەدارانی دەوڵەتی تورک تا ئەو کێشەیە هەبێت، ئەوا گرنگ نییە کە ئەردۆگان یان کەسێکی دیکە هەڵبژاردنەکان دەباتەوە. بەڵکو سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە. لەبارەی ئەتمۆسفێری هەڵبژاردنەکانی تورکیاو ئەگەری سەرکەوتنی ئەردۆگان لەپۆستی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، داخۆ ئەو وڵاتە بەرەو کوێ لەنگەر دەگرێت؟ پەیوەست بەم مژارەش کایۆغلو دەڵێت:**

من دڵنیا نیم کە ئایا لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئەردۆگان دەبێتە سەرۆک یان نا. لەو بڕوایەدام ئەردۆگان لەوە تێدەگات کە بەبێ دەنگدانی جەماوەری بۆ سەرۆکایەتی، ئەو دەکەوێتە ناو کێشەیەکی زۆری هەڵبژاردنەکانەوە. بەبڕوای من ئەردۆگان سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە بەدەستدێنێت لە هەڵبژاردنە گشتیەکان. چەندین ناو، بەتایبەتیش زۆر ناوی ئافرەتان خراونەتە پێشەوەی لیستەکان. سوودی گەورەی ئەو شێوازەش ئەوەیە کە خێزانەکانی سەرۆکایەتی نوی سەرپۆش لەسەر ناکەن و تاکە رەخنەش کە ئۆپۆزسیۆنەکان هەیانەو ڕووبەڕووی ئەردۆگانی دەکەنەوە کۆتایی پێدێت.

## ئاخاوتنەکانی ئاغار جێی سەرسوڕمان نین

**سەبارەت بە لێدوانە پۆزەتیڤەکانی ئاغار بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەتورکیا کارین بایۆغلو گوتی:**

قسەکانی بەڕێز ئاغار زۆر جێگەی سەرسوڕمان نین. لەراستیدا لەلایەن چەند ئەندامێکی پێشووی یاسایی تورکیشەوە پشتگیریکرا (وەکو نوری گوندس، کەپێشتر لە ڕێکخراوی هەواڵگری نیشتمانی MIT کاریدەکرد)، کە دەزانێت شەڕکردن دژی تیرۆریزم لەگەڵ سوپاو پۆلیس تەنها بەشێکی بچووکە لە چارەسەرێکی گەورە. من پێوایە لێدوانەکانی ئاغار کە دەڵێت (لەجیاتی هێرشی چەکداری لە چیاکانەوە، پێویستە PKK بێت سیاسەت بکات)، لێدوانێکی ژیرانەیە. وەکو زۆر شتی دیکەی سیاسەت، ئەو لێدوانانە گووتنیان زۆر ئاسانترە لە جێبەجێکردنیان.

## بەلایەنی کەمەوە تورکیا ١٥ ساڵی دیکەی گەرەکە بۆ بەئەندامبوونی لەیەکێتی ئەورووپا

**گومان لەوەدا نییە بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین هەنگاوێکی ئیجگار گرنگە. لەحاڵەتێکی وەهادا هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێتە دراوسێی یەکێتی ئەورووپا و ئەوەش دەبێتە مایەی پێشڤەچوونی ڕاستەوخۆ لە ئاستی سیاسیی و ئابووری و بازرگانی و کولتووریی. لەم سۆنگەیەوە بەڕێز بارین کایۆغلو بەمشێوەیە دەڕوانیە بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا:**

لەلایەکەوە بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا EU دەبێتە سەرەداوێک بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکانی تورکیا. هەرچەندە **لەکاتی ئێستادا تورکیا بەلایەنی کەمەوە ١٥ ساڵی تری دەوێت بۆ بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپا**، ئەوەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی ئەورووپییەکان نایانەوێت تورکیا ببێتە ئەندام لەو یەکێتیەدا. زۆربەی تورکەکان پێشبینی ئەو گریمانەیە دەکەن کە بە ئەندامبوونی تورکیا لە EU دەبێتە هۆی خێرا جێبەجێبوونی ئەو ئارەزووەی کە وەکو (ڕۆژئاوایی) سەیر بکرێن. من تێناگەم کە بۆچی ئەو مەسەلەیە ئەوەندە گەورەیە لەلای خەڵکەکە. لەراستیدا، ئەگەر شتێکی ئاقڵانە بێت زیاتر شتێکی واتادار دەبێت بۆ من. من وەکو کەسی خۆم بەلامەوە ئاساییە کەسێکی (ڕۆژهەڵاتی ناوینی)بم. زیاتریش، بۆ خەڵکێک کە زیاتر گرنگی بەمەسەلەی ئابووریی دەدەن، بەئەندامبوون لە EU مانای دەستکەوتنی کاری زیاتر دەبێت لە ئەورووپا یانیش مانای بوونی وەبەرهێنانێکی بیانی زیاتر دەبێت لە تورکیا. ئەوانە شتی باشن، بەڵام من پێمووایە حکوومەتی بەرپرسیار دەتوانێت کەشێکی بازرگانی-دۆستانە لە تورکیا دروست بکات و ئەوەش دەبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی و ئابووری ئینجا ئەگەر تورکیا ئەندام بێت لە یەکێتی ئەورووپا یان نا. ئەگەر ئەوروپییەکان بیانەوێت تورکیا ئەندامێکی ئەوان بێت، دەبێت ڕاستگۆ بن لەو مەسەلەیە. تائێستا ئەوان زیاتر لەوە ڕاستگۆ بوونە کە نایانەوێت تورکیا ئەندامێکی ئەوان بێت. لەو حاڵەتەدا، من هیچ هەستێک لەوەدا نابینم کە بۆچی دەبێت وەها رەفتار بکەین کە زۆر پەرۆشی ئەوانین. بۆیە دەبێت سەرکردە تورکەکانیش ڕاستگۆ بن لەگەڵ خەڵکی تورکیا لەو بارەیەوە.